محسن جواہیرؔ

# کشتیٔ نوح

ہیروؔک

زنجیرەی چیرۆکی کوردی
(٣)

# کەشتی نوح

محسن محمد صابر
( جوامێر )

چاپخانەی "الحوادث"
بەغدا ١٩٧٨

# سفينة نوح

قصة كردية تدور حوادثها حول الصراع بين الخير والشر وانتصار الخير .

محسن محمد صابر

( جوامير )

پێشکەشە :

بەو ناسکانەی دنیا بێتریقەو بریقەی

خەندەو پێکەنینی ئەوان ، گریانەو بەس .

بەو ترشو شیرینانەی خۆشم دەوێن تا خوا

دەڵێ بەس .

## سەرەتـــایەك :

وا خەریکە کتێبخانەی کوردی رۆژ لە دوای رۆژ دەبووژێتەوەو لە هەر باخێك گوڵێکی بـۆ دەچنرێ .. بەڵام ئەوەی گوناحو بێ بەشە لـەم بەهەشتی کتێبە ... ئەو خونچە گولانەن کە بـە هانای ئەوەنە بکرێنەوەو لە دوای ماوەیەکـــدا بەهاری ژیان بە ئادەمیزاد ببەخشن .

چیرۆک [illegible] ، دەورێکی گرنگی هەیە بـۆ چەسپاندنی خووو رەوشتی بەرزو دابین کردنی زۆر ئامانجی پەروەردەیی‌و کۆمەڵایەتی ... جـا ژبەر ئەوەی قورئان پڕیەتی لە چیرۆکی پڕپەندو عیبرەت‌و دەرسی بە لەلك ... وا ئەزیـش بـە پشتیوانی خوا دەستم بە ئامادەکردنی چیرۆکی ئیسلامی یەك لە دوای یەك کرد ، ئەویش هەر لە باوکی هەرە گەورەی ئێمە ئادەم هەتا پێشڕەوی مرۆڤایەتی محمد دروودی خوای لێ‌بێ ، ئەمەش خرلە پێناوی بە تین کردنی پەیوەندی مرۆڤ بـە خوداو بوونی بە مرۆڤێـــکی ســـەر راســـت‌و

خزمەتگوزارو هەقپەروەر .

جا ئەلعان ژمارەی (٣)ی ئەم زنجیرەتان پێشکەش دەکەم کە (کەشتی نوح)ەو هیڤیا من ئەوەیە زارۆکە ئازیزەکان لێمان قایل: بن ... ئیشاللا خواش لێمان قایل دەبێو لە بنیادەمی بەچکە شەیتان دەمانپارێزێو گەردەنیان دەشکێنێو ئەسکوردیان دەپسێنێ ، هەروەك وای لە نەیارەکانی نوح کرد .

بەندە هیوادارم ساتێکی خۆش لەگەڵ ئەم چیرۆکە بەرنە سەرو رووش لەم قاپیە بکەن کە سەرکەوتنی لێ ئارایشت کراوە .

ئامانەتی خواش بن‌و بچنە بەهەشتێ

محسن جوامێر

هەولێر ٤ـ ٩ ـ ١٩٧٧

( ١ )

کۆرپەی نازدار ... چیرۆکی ئەمجارەمان پڕ لە کفتوگۆو هەڵوێستی سەیرە لە نێوان بەرەی هەق‌و ناهەقا ... لە نێوان ئەوانەی خواناسن‌و ئەوانەی کافرن‌و هاوەل بۆ خوا دروست دەکەن ...

چیرۆکەکەی بۆتی دەبێژم بریتیە لە خەباتێکی بە پشووو درێژخایەن کە پاڵەوانەکەی خواناسێکی خۆڕاگری سەر شانۆی ژیانەو سەرجەلەی ژیانی بۆ هەق تەرخان کرد .

ئەم قارەمانەش حەزرەتی نوح پێغەمبەرە سلاوێکی گەرمی خوای لێ‌بێ ...

هەوکەش خۆت ئامادە بکەو نەختە نەختە ژیانی ئەم پێغەمبەرە مەزنە بخوێنەوەو بزانە چ پاڵەوانێك بوو ... چۆنیش دژی کافرو خوانەناس‌و ملحدان دەجەنگا ؟ هەروەها ئەو ئازارو ئەشکەنجەی بە دەستی هێزی شەڕ دیتی

کتۆیی بووو بەچ شێوەیەك بەربەرەکانی کردن؟ ئەنجامو سەرکەوتنیش بۆ کێ بوو ؟

( ٢ )

ئەم نەتەوەی کە نوحی لێ هەڵکەوتبوو ، هەر چەندی بڵێی کافرو خوانەناس[redacted] بوونو هەتا کونە کەپوویان نقومی خراپـەو بـەدکاری ببوونو بە هیچ کلۆجێ مەرحەبایان لە ئیتقاتـی باشو کردەوەی باش نەدەکرد ..

بە برای خۆم بڵێم چیان دەکرد ؟ هەڵدەستان بتیان دروست دەکردو ناویان لێدەنان ... جـا یەکێ نـاوی (وەد) بـووو ، یەکێـکی‌تر نـاوی (سواع) بووو ، ئەویدی ناوی (یەغوس) بـووو ئەوانیتریش ناویان (یەعوق)و (نسر) بوو ...

ئەوجە را دەبوون کڕنۆشیان بۆ ئەم خوایـە بە قەستیلۆکانە دەبردو دەیانگوت هەر ئەمـانە خوای ئێمەنەو مخابن نیە وازیان لێبێنین ؟ ژبەر هندی دەچوونە بن‌گوێی ئێکدیو پسەپسیـان

دەکــردو پەیمانیــان دەدا کــە تامــاون واز لــە پەرستن‌و مل کەچی کردن بۆ ئەم خوایانە نەهێنن‌و بەربەرەکانی هەر یەکێــك بــکەن کە گەرەکێتی لەم ڕێ‌و ڕێبازە وەدەریان بنێ ...

بەڵام خوای گەورە خــۆ بەنــدەی خــۆی لــە دەشتێ نەدۆزیتەوە ... هەروەها پێی ناخۆشــە بەندەی ئەو گرفتاری ئــەم کارەســاتە بــیری‌و کۆمەڵایەتیە ببن ... بۆیە خوای دلۆڤــان نــوح پێغــەمبەری بــۆ نــاردن ، بــۆ ئــەوەی دەستیــان بگــرێ‌و بیــانهێنێتە سەرشەقامە ڕێی ئیســـلام‌و واز لــەم بــڕواو ئیتقــاتە پیس‌و چەپەڵە بێنن‌و ڕوو لە خوا بکەن‌و پێڕەوی خوا بکەن بە دەستووری ژیــان‌و هــەر پێــڕەوو ڕێبــازێکی‌تر کە مرۆڤ دروســتی کردبێ ڕاوی بنێن‌و سێ بەردەی لە مست بنێن ...

( ٣ )

خوای مەزن ڕێی بە نوح پێغەمبــەر دا کــە بکەوتە خۆهەڵکردن‌و خەبــات کردن لە پێنــاوی

رێگە راستەکەی خوا ... نوحی قارەمانیش یەك
رکێبو وەکات را بوو ... قەت نەبلێی بترسێو.
نەبلێی تووشی دڵەراوکەو هێنکە بڕیبێ !!
چونکە دەیزانی ئەگەر یەکێك خوا بکا بەپشتو
پەنا هەرگیز نابێ لە هیچ هێزێکی شەرخوازو
خوانەناس بترسێ ..: ژبەر ئەوەی خوا مزگێنیی
داوەتە هەر یەکێك کە سەر بۆ ئەم دابنەوێنێ
هیچ گومانی تێدا نیە وەسەری دێخیو دوژمنان
ریسواو ماڵ وێران دەکا .

بۆیە حەزرەتی نوح وەکات را بووو پێی
گوتن : ئەی کۆمەڵو نەتەوەی من ... ووریا
بن... ئەزم کە رێگەی رۆشنی خواتان بۆ دەست
نیشان دەکەمو خۆفی خواتان دەخەمە دڵی نەوەك
گرفتاری رێگەی خوانەناسیو هەش وەسەری
ببن.. جا ئێوەش تەنیا ئەم خوایە بپەرستنو
کڕنۆش بۆ ئەو بەرنو خۆتان لە زەبرو زەنگی
خوا بپارێزنو نەکەن لەبەر خاتری خاتران بچنە
سەر دینی ملحدو کافران. ئێوەش ئەگەر وا بکەن
سوڕ بزانن خوا ئێتان خۆش دەبێو کۆمەڵێکی

بەختیاری ئەوتۆتان بۆ پێك دێنێ کە هەر یەکێك تەمەنێکی درێژی بەختیار بەرتە سەر .. چونکە ئەو نەتەوەی دڵساف و خواناس و بێغەل و غەش بێ خوا دەست بەباڵی عومری دەگرێ و تەمەنی لەو نەتەوە درێژتر دەکا کە دڵیان وەکو پەلاسی رەشی لێهاتووەو خوا نەناس و بەکین و بوغزن... بۆیە هەر دیتت خوا قڕی خستە نێو نەتەوەو کۆمەڵی خراپ و رافزی و لامل ...

( ٤ )

کە حەزرەتی نوح لە قسەی خۆی بووەوە ، سەرکردەکانی کە بەقایان پێ نەدەکردو گاور بوون ، خۆیان پفداو دەستیان بە گلدۆفلدۆ کرد :

« بە ئێمە ناڵێی تۆ چی تۆش مرۆڤێك نی وەکو ئێمە ، ئاخر چیت لە ئێمە زیاترە ئەوها خۆت بە هەند دەزانی و خۆت بە ئاوقەلانی ئێمە

نازاني ؟ ئەوەش بزانە ئەوانەی بە دوو تـــۆ کەوتوونە هەموو فەقیرو فەقاراتنو دەســـت وەکەریان پێ ناکرێ بۆیە لە ترسانا قایل دەبن وخۆیان لە ئەشتان هەڵدەقورتێنن ... ئێوەش وا نەبێ پیاوێکی هەندە زەریفو بێپەرە بــن کە چاکەتان لەگەڵ ئێمەدا کردبێو پێویست بێ ـ هەر چ نەبێ ـ ئێستا لە شەرماندا هەقــی چاکەتان بدەینەوە .. ئەوەی ئێمەش بزانــین ئەوەیە ئێوە درۆمان لەگەڵ دەکەن ..»

نــوح پێغەمبەریش لێیــان هاتــە وەرامو فەرمووی : « ئەی کۆمەڵو نەتەوەی من کورە پیاوی چاكو زیخ بن ئەز هیچ خراپیەکم پێــوە نەنووساوەو ئەزیش لەلایەن خواوە بـۆ هەوە نێردراوم .. نامـەو راسـپاردەی خواتـــان پێدەگەیەنمو ئەوەی نایزانن بۆتانــی رۆشــن دەکەمەوەو فەرمانە بەرزەکانی خواتان لە مست دەنێم .. ئایا پێتان سەیرو عەنتیکەیە ئەگەر یەکێك لە ئێوە خــوا بۆ ئێــوەی هەڵبژێریو هەرەشــە لە کــردەوە ناپەسندەکانتان بــکاو

گلەییتان لێبکا تا خۆفی خواتان بکەوێتە دڵو لە دیماهیشدا خودێ لێتان خۆش بێ ...

( ٥ )

بەڵام نەتەوەی نوح ئەوەندە دڵڕەقو سەرسەختو ئەقمەقو بەدەعیە بوون ... بۆیە دەیان هەنجەتیان دەدیتەوە ... ئەمەش گشتی لە پێناوی ئەوەی قۆرتو چورتم بخەنە پێش خەباتو ڕەنجەکەی نوح ... یەك لەم هەنجەتانەی ئەوان ئەوە بوو دەیانگوت ئەم نوحە چەند هەژارو ڕەنجبەر و بێناز هەنە وەدوو خۆی خستینە !!

هەڵبەت هەر ئەو هەژارو بێدەرەتانانە بوون کە دەروازەی دڵیان بۆ خوا کرابوەوە دەیانزانی ژیان ئەگەر لە خوا بێبەری بێ مانای وایە ئەنجام ریسوا بوونو قەلەندەریە . ئەم کافرانەش بۆیە لە موسڵمانەکانی ئەو سەردەمی پشتە ڕێبوون ، دەیانزانی ئەگەر ببنە ئیسلام دەبێ

بێنە ریز ئەم تاقمە هەژارو خواناسانەو هیچ جیاوازیەکیان لەگەڵیاندا نەبێ .

لێرەدا خوا فەرمانی بە حەزرەتی نوح داکە بەرپەرچیان بداتەوەو بانگەوازی خوایان بۆ رۆن بکاتەوەو ئەم جۆرە لێکدانەوە گێرە شێوێنانەی هەیانە پووچ بکرێنەوەو بفەرمێ : « ئەمەی من بە ئێوەی دەگەیەنم ، لە بەرکو باخەڵی خۆم دەرنەهێناوە ، بەڵکو گشتی لەمەڕ خوایەو خواش بە میهرو سۆزی خۆیەوە پێغەمبەرایەتی بە من رەوا دیوە ... بەس چیە هەوە نەفامیو ماڵو سامانە ئاوا بەرچاوی گرتوون ، کەواتە ئایا رەوایە ئێمەش بە خورتی بتانکەینە موسڵمان ؟

ئەی نەتەوەی من ئەوەش بزانن من حەوجەی ماڵو سامانی ئێوە نیمە ... ئەز کرێ گرتەی خوامو کرێی خۆم تەنیا لە خوا گەرەکە ... بۆ خاتری ئێوەی کافریش ، ئەوان هەژارو بێدەرەتانەی بە ژەکی ئیسلام فرچك دراون دەرناکەمو ، لە خۆمیان دوور ناخەمەوە ... ئەوان

چاف‌و پشتی من‌و شانازیان پێوە دەکەم ، چونکە خوایان بە هەق ناسیوەو سەرچیخ نەچووینە ... بۆیـە خـواش لە رۆژی قیامەتـدا بەهەشتیان بەنسیب دەکا ... ئێوەش وەکـو من بزانـم ، نەتەوەیەکی نەفـامو نەزانن‌و بـە صیاصـەت چووینە .

ئەی نەتەوەی من ... پێم نابێژن ئەگەر مـن ئەوانە دەرکەم ، کێ هەیە لە دەست خوام قورتار بکا ؟ ئایا نازانن خوایەکیش هەیـە پشتیـان بگرێ ؟ » .

( ٦ )

هەرچەندە نوح پێغەمبەر نسحەتی دەکردن ، ئەوان زیاتر قاڵبیان گـران دەبـوو لەسـەر خراپی‌و ناپەسندی‌ی خۆیان سوورتر دەبوون.. چونکە دەیانزانی ئەگەر شوێن پێی فەرمانەکانی خوا بـکەون ئەوە ئـەم گەورەیـی‌و لەخۆبـایی بوونەیان نامێنێ‌و لەگەڵ موسڵمانەکان چـون

بۆیە لێی دەڕك ڕاچوون‌و بەرووی ... یەکجارت کردو پێیان گوت : « ئەرێ دەزانی تو ... ئەگەر درێژەت‌دایێ‌و چت لەچ نەهێشتەوە ... وەرە ئەو ئازارو ئەشکەنجەی ڕاست دەفەرمی !! ئێمەی پێیانەوە دەترسێنی ، دەبەسەرمانی دابباریێنە بزانین کتۆییە ؟ » .

حەزرەتی نوح وەجواب هات : « ئازارو ئەشکەنجە تەنیا بەدەست خوایە بە دەست من نیە ... جا ئەگەر ئەو بیەوێ بەخوا قەیسەریتان لێ‌دەکاتە کونە مشك‌و پیاویش نیە ڕێی لێ‌بگرێ .. ئەوەش بزانن ئەگەر خوا نەیەوێ بە خوای هەرچەند نسحەتتان بکەم بەقەد تۆزقالێك سوودی بۆ ئێوە نابێ .. چونکە خوا سەبارەت بەدەرروونی بۆگەنیی ئێوەوە دەیەوێ لە ناوتان بباو هەڵتان پڕوقێنێ . هەر خواش پەروەردگاری ئێوەیەو ، قەلەندەر خۆتان بچنە کوێ لە ئەنجام

هەر بۆ لای ئەم دەگەڕێنەوە» .

لە پاشدا لە بەردەم ئەم هەڵویستە ناشیرین و بەدنمەکیەی نەتەوەکەی ... لەبەر دەم ئەم بێ باکی و بێ سیفەتیەی ئەو گاروانە . . حەزرەتی نوح هەر ئەوەندەی بۆ ماوە روو لەقاپی خوا بکاو دەرگای دڵی خۆی بۆ خوا بکاتەوە.. بۆیە رووی لە عاسمان کردو فەرمووی:

« بەشەوو بە رۆژ نەتەوەکەی خۆمم بانگ کرد ، بەڵام هەرگیز بێ هوودە بووو زیاتر لێم ئاغی دەبوون ... هەر کە بۆ رێگەو رێبازی تۆ بانگم دەکردن ئەوان پەنجەیان لە گوێیان دەنا تا گوێیان لێ نەبێ و هەروەها بە جلوبەرگەکانیانەوە چاوو گوێیان دەگرت تا نەگوێیان لە قسە بەنرخەکانم بێ و نە بشمبێنن .. رۆژ بە رۆژیش زیاتر لەسەر خوانەناسیان سوور دەبوون و زیاتریش لووتیان بەرز دەبوەوە .

بە ئاشکرا بانگم کردن .. لە پاشدا بە ئاشکراو نهێنی .. پێم گوتن پیاوی چاك بن و تۆبە بکەن ، چونکە ئەمەی کە لێتان خۆش دەبێ ،

هەر ئەمیشە بەردەوام بارانتان بۆ دەبارێنێ‌و
ماڵ‌و کوڕتان پێ‌دەبەخشێ تا پشتیوانیتان
بکەن‌و ، باغ‌و باخچەتان بۆ دەرەخسێنێ تا دڵتان
پێوە بکرێتەوەو ، رووبارو جۆگەتان بۆ
هەڵدەبەستێ تا زەویتان تێر ئاو بێ ... »

( ٧ )

لە دوای ئەوەی نوح پێغەمبەر داوای لە
نەتەوەکەی خۆی کرد کە تۆبە بکەن ، هەستا بە
شێوەیەکی تر قسەی لەگەڵ کردن :

پێم بڵێن ئێوە چۆن لە خوا ناترسن، ئەو خوایەی
ئێوەی بە چەندەها قۆناغ تێپەڕاندووەو کردوونی
بەم مرۆڤە کشت‌و رێکوپێک‌و جوانە .؟. »

لەسەر قسەی خۆی رۆیشت‌و فەرمووی :

« ئایا بیر لەوە ناکەنەوە خوا چۆن ئەم حەوت
ئاسمانەی سەرسەریانی دروست کردوەو مانگی

بۆ کردوون بە ڕۆناکیەكو ڕۆژیش بە چرایەك..
ئێوەشی لە پێکهاتوەکانی عارد دروست کردوەو لەبەرهەمەکانی تێرتان دەکاو بۆ ناو زگی عاردیش دەتانگەڕێنێتەوە تا حیسابێکی بە هەقتان لەگەڵدا بکا ... هەر خواشە کە ئەم عاردەی بۆ ئامادە کردوون تا بیخەنە بەردەستی خۆتانو سوودی لێوە ببێنن ...

( ٨ )

بەدەگمەن هەبوو بەقایان بەقسەو نسحەتی نوح دەکرد ، دەنا ئەوانیتر خرپ گاڵتەیان پێدەکردو دەیانگوت : درۆزنە ، شێتە !! بە لێدانو جوێنو بەردەباران هەرەشەیان لێدەکرد ..

بەڵام حەزرەتی نوح بەو قسەو هەرەشانە تێك نەدەچووو شلو شەوی نەدەبوو ، چونکە ئیتقاتی بەخوا زۆر قایم بوو .. لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئیتقاتە پۆڵایینە نوحی قارەمان ئەنگوستی لە

چاونانو فەرمووی :

« ئەی نەتەوەی من ئەگەر مانەوەی منتان لە قالب گرانەو پێتان ناخۆشە پەیامی خوا بە ئێوە بگەیەنم ... هەرچی دەکەن بیکەن ، چونکو پشتم بەخوا بەستوە ... منەتتان نەبێو پشتی ئێك بگرنو هاوەڵەکانی خۆتان بانگ بکەنو بە ئاشکرا دوژمنایەتی من بکەنو گەڤو گورم لێ بکەن ...

ئەگەر ئێوەش نەهاتنە بەر سێبەری بانگەوازەکەی من ... ئەوە بزانن کە من زەرەر ناکەم ، چونکو پێشەکی قازانجی خۆم لە خوا وەرگرتووەو بە هیچ کلۆجێك زیانم پێ ناگا ... منیش تێکۆشانەکەم لە مجێزەو ، خواش ئەمری پێ کردوومە کە هەر بۆ ئەم ملکەچ بمو بەندەییم هەر بۆ ئەم بێ» .

( ٩ )

نەتەوە بەدبەختەکەی نوح چەند کەسێك نەبێ، دەنا ئەوانیدی هیچیان بەقایان بە نوح نەکردو

دوژمنداریەکی زۆریان دەکرد ... بــە شێتیــان لەقەلەم دەداو چاوو راویــان لێدەکرد .. هەتــا ئەوانەی لێشیان وەپاش دەکەوتن ئەوان هارترو کەللەرەقترو سەرسەختتر دەبوون ...

پاش ئەم سەینو بەینە ... نوح پێغەمبــەر هیچی لە مست نەماو رووی لە قــاپی خــوا کردو فەرمووی :

« خوایە نەتەوەی من بە درۆزنم دادەنێن ... چارێکم بکەو منو برا موسڵمانەکانم لە دەســت ئەم زۆردارانە رزگار بکە ... خوایە ئەم گاورانە لەناو ببەو قەیسەریان لێبــکە کونــە مشــکو گەردەنیان بشکێنە ... ئەگەر لێیان بگەڕێی ئەوانی دیکەش لە خشتە دەبەنو ئەوانی لێشیان وەپاش دەکەون ئەوانیش رکابــەرکیم لــەگەڵ دەکەنو بە گاوریش لەدایکیان دەبن ... »

خوا دوعــای نــوحی قبــووڵ کردو ویســتی

ئەوانەی ڕێبازی خوایان گرتوە ڕزگاریان بکاو ئەوانیتر کە گاورو مسقۆفن قورقوشمیان لەگەروو بکا ... بە نوحیشی ڕاگەیاند کە بە قسەو پیلانی گاوران پەژموردە نەبێ ، چونکە ئاوو لافاوی لەعنەت دەزانی کە قۆناغ لەکوێیەو چۆنیشیان دەخنکێنی ...

بۆیە خوای گەورە کە ڕەمی کردو فەرمانی دەرکرد لەبەر تیشکی ڕەحمەتی خوا کەشتیەك دروست بکەن ...

ئەوجە حەزرەتی نوح پشتی خۆی کردەوەو وەکات چوو لە ڕووی ئەوانەی گاڵتەیان بە خۆی و بڕوا هێنەرەکان دەکرد ، وەستاو فەرمووی : ئەگەر ئێوە گاڵتەو قەشمەریتان بەمن دەکرد ، ئەوەش بزانن هەی بەدبەختینە ئێمەش پاش ماوەیەك گاڵتەتان پێدەکەین و لە قاقای پێکەنین دەدەین .. ئەنجامیشتان وا لە بەرچاوە ، ئەوجە دەزانن ئەوەی خۆی لە تیغی ئیسلام بدا چۆن دەکەوێتە بەرزەبرو جەزرەبەی خوداو چۆن

ڕیسواو عەبرەت دەبێو چۆنیش دووچاری ناخۆشیو چەرمەسەریەکی هەمیشەیی دەبێ .

( ١٠ )

حەزرەتی نوح لە خۆبوەوە و کەشتی تەواو بوو . هەروەها ووردە ووردە ئاو لە هەموو لایەك هەڵدەقوڵاو کەمکەمە خەڵکی دەکەوتنە ترسو لەرز ... هەر لەم عانەشدا خوا فەرمانی بەنوح دا کە لە هەر مەخلوقاتێکی خوا نێرو مێیەك بخاتە نیۆ کەشتیەکە بۆ ئەوەی پشتی لافاوەکە لەناو نەچنو تۆیان نەبڕێتەوە .

یەك لە کوڕەکانی نوح کە لە ئایینی باوکی ئاغی ببوو ، باوکی بەهەستی باوکایەتیەوە پێی گوت : « کوڕی خۆم وەرە لەگەڵ ئێمەدا سواری کەشتی بەو لەگەڵ گاورو مسقۆفەکان مەبەو ئەوان گوریسیان کورتە » ... کوڕە لاسارو لاملەکە بەقای بە قسەی باوکی نەدەکردو وای دەزانی ئەوەی دەقەومێ هەر بە

تەنها لەبەر گۆڕانی ئاوو هەوایەو چیتر نا ، بۆیە گوتی : « بابە دەچمە سەر چیایەکی بۆ خۆم لە خنکان قوتار دەبم ...» بەس باوکی بەرپەرچی دایەوەو گوتی :« کوڕە کەس لەبەر زەبری خوا خۆی راناگری ... پیاوی چاك بە بەرخم... لەگەڵ ئێمە وەرە » :

بۆیە خوا فەرمانی بە نوحدا جگە لە یەك لە ژنەکانی کە زۆر نسحەتی کردو نسحەتی هەڵنەگرتو هەروەها لەم کوڕەی کە ڕێگەی گاوری هەڵبژارد ، دەنا خزمو کەسانی خۆی خڕ سواري کەشتی بکا ...

دیسان خوا فەرمانی دا ئەوانەی ئیتقاتیان بە بانگەوازیەکە هاوردوە ، ئەوانیش لەگەڵ خۆی هەڵگرێ ...

ئەوجە خوای مەزن فەرمووی : « دەوجە بڕۆن سواری کەشتی بن‌و لەکاتی ڕۆیشتنی‌و لەکاتی لەنگەر گرتنیا ناوی خودێی لێ بێنن ، چونکی وەنەبێ بە هۆی کەشتیەکەوە رزگاریان بێ ، بەڵکو خوا پشتیوانیان دەکا ، نەوەکا

زەحمەت نیە کەشتیەکەشیـان نقـوم بـکا ... هەمیشە بێژە هەر خوایە کە لێمان خۆش دەبێ‌و هەر ئەمیش بە میهرو دلۆڤانە ... »

ئەوجە کەشتیەکە بەڕێ کەوت‌و لەسەر ئەو ئاوە هەر دەتگۆت فیلەتەنەو ئەو عـالەمەی لـە زەقزەقە نابوو ...

ئەی کارەساتی عاردی هەر مەبێژە ؟ .. ئاو لە هەموو لایەکی هەڵدەقوولا ... ئاسمانیـش باران‌و هەورە تریشقەی گاورانی خڕ هەراسان کردبوو ... نوح‌و کۆمەڵە موسڵمـانەکەی لـە خەنی خۆشیاندا هەر سوپاسی خوایان دەکرد .

( ١١ )

لەم هەڵوێستەدا رەحمی باوکایەتی‌و جەرگ سۆتان وای لە حەزرەتی نوح کرد کە لـە خـوا بپاڕێتـەوە ، بەشـکەم کوڕەکەی رزگار بـکاو فەرمووی :

« خوایە کوڕی منیش هەر لە کۆمەڵی خزم و کەسانی منەو تۆش بەڵێنت داوە کە لە خزم و کەسانی من خۆش بی ... خواش ئەگەر بەڵێنی دا بەجێی دەگەیەنێ ، چونکە هەر ئەو دادپەروەری راستەقینەیە » .

خواش بەرپەرچی نوحی داوەو فەرمووی : « لەم عانەدا ئەو هیچ بە خزم و کەسی تۆ دانانرێ ، چونکە بێباوەڕەو شوێن پێی گاوران کەوتوەو ئەو کردەوەی کە کردویەتی پەسند نیەو تۆش کەشتەك نەزانی پێی ناوێ خۆت بینیو ببەیو ئەوەش بزانە کە شەفاعەت بۆ ئەوان کە سانەیە خوا دەناسن نەك ئەوانەی کە خزم و کەسن یا نزیكترین کەسن و باوەڕیشیان بەمن نەهێناوە » .

نوح پەشیمان بووەو گوتی : « خوایە لە دەست ئەم جۆرە داوایانەی کە تۆ پێیان قایل نی هانا دێنمە بەر تۆو ئەگەر لێشم خۆش نەبی مانای وایە لە تاقمەی خەسارەتمەندان دەبم » .

کوردستانی عیراقدا لەنگەری گرتو هەق پەروەرو خواناسەکان بەرەو عارد رایەلەیان کردو مۆری ناپاکیان بەرووی خوانەناسو مسقۆفان وەنا ...

× × ×

ئا ئەمە بوو چیرۆکی نوح پێغەمبەر ... ئەم نوحەی خوا دەستی بە باڵی عومریدا گرتبووو (٩٥٠) ساڵی رەبەق ژیاو ژیانی خۆی بۆ خوا بەسەر برد . ئەوەشی سەلماند کە هەر یەکێك بۆ خوا بێ ، خواش بۆ ئەو دەبێو ، هەر یەکێکیش بەهەر ناوێك لە پێرەوی خواو خواناسان بغەزری با هەموو دنیا موڵکی ئەو بێ ، رۆژێك دێ هەپرِوون بە هەپرِوون دەبێو ئاتاری لەسەر پاتاری نامێنێ .

جگە لەمەش چیرۆکی نوح فێرە خۆڕاگرتنمان دەکاو نایەڵی هەرگیز پشتمان لە هەق پەروەری سارد بێتەوەو لە خەبات کردن بۆ ژیانێکی

سەرفراز شدڵو شەوی بین...چونکە سەرکەوتن هەر بۆ ئەوان کەسانەیە بەرگری لە هەق دەکەنو هێمنو لەسەر خۆنو لە رێی هەقدا هەست بە پەژموردەیی ناکەن . هەروەها فێری ئەوەمان دەکا کە نیشانەی سەر راستیو خواناسی ئەوەیە کە مرۆڤ لە هەموو کردەوەکانی خۆی بە گوێی خوا بکا ، دەنا نەخزمایەتی پێغەمبەرانو نە لە پیاوی خواناسو ئایین پەروەرو شێخ وەپاش کەوتن هیچ دادێك نادەنو پوولێکی قەڵپ ناینن ... واتا نەکەشیدەی زەردو نەمەندیلی سپیو نەپشدێنی کەسكو نەئالای سەرماڵانو نە چوونە سەرمەرقەدانو نەنوشتەو نەریشیپانو نەتەسبێحی سەدویەكقلی فریای کەس ناکەونو بەهەشت بۆ کەس ناکرن ...

نرخی ( ١٢٥ ) فلسه

٤٠٠٠ دانه له کتێبه لەچاپ دراوه
لێبونەوه لەچاپ ٢٠/١١/١٩٧٨

له کتێبخانەی نیشتیمانی ـ بەغدا
ژماره ١٥٠٩ی سالی ١٩٧٨ دراوەتـی

# کەشتی نوح

فێری ئەوەمان دەکا کە نیشانەی سەر راستیو خواناسی ئەوەیە کە مرۆڤ لە هەموو کردەوەکانی خۆی بە گوێی خوا بکا ، دەنا نەخزمایەتی پێغەمبەرانو نە لە پیاوی خواناسو ئایین پەروەرو شێخ وەپاش کەوتن هیچ دادێك نادەنو پوولێکی قەڵپ نایننن ... واتا نەکەشیدەی زەردو نەمەندیلی سپیو نەپشدێنی کەسكو نەئاڵای سەرماڵانو نە چوونە سەرمەرقەدانو نەنوشتەو نەڕیشی پانو نەتەسبێحی سەدویەكقلی فریای کەس ناکەونو بەهەشت بۆ کەس ناکڕن ...

نرخی

چاپخانەی "الحوادث"

بغداد ١٩٧٨